ئەی عائیشە چاوەکانم دەخەون، بەڵام دڵم ناخەوێت

لە ئەبی سەلەمەی کوڕی عبدالرحمانەوە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- کە پرسیاری لە عائیشە کرد -ڕەزای خوای لێبێت-: ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چۆن نوێژی ئەنجامدەدا بوو لە مانگی ڕەمەزاندا؟ ئەویش (عائیشە ووتی): «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مانگی ڕەمەزان ومانگەکانی تریش زیاتر لە یانزە ڕکاتی ئەنجام نەدەدا، چوار ڕکاتی ئەنجامدەدا؛ باسی جوانی وڕێکی ودرێژخایەنی نوێژەکە مەکە، چوار ڕکاتی تری ئەنجامدەدا؛ باسی جوانی وڕێکی ودرێژخایەنی نوێژەکە مەکە، پاشان سێ ڕکاتی ئەنجامدەدا»، عائیشە دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا پێش ئەنجامدانی نوێژی وبتر دەخەویت؟ ئەویش فەرمووی:«ئەی عائیشە چاوەکانم دەخەون، بەڵام دڵم ناخەوێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەونوێژی ئەنجامدەدا لە هەموو مانگەکانی ساڵدا، وئەبو سەلەمە پرسیاری کرد سەبارەت بە شەونوێژی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مانگی ڕەمەزاندا، ئایا نوێژکردنی لە مانگی ڕەمەزاندا وەکو نوێژکردنی بوو لە مانگەکانی تردا، لە ڕوانگەی ژمارەی ڕکاتەکان یان جیاواز بوو؟ وعائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: جیاوازی لە ژمارەی ڕکاتەکان نەبوو لە مانگی ڕەمەزان ومانگەکانی تریشدا؛ چونکە هەموو جارێک یانزە ڕکاتی ئەنجامدەدا وزیادی نەدەکرد. پاشان چۆنیەتی نوێژەکانی ڕوونکردەوە: (چوار ڕکاتی ئەنجامدەدا): واتا دوو ڕکاتی ئەنجامدەدا وپاش خوێندنی تەحیات -تەشەهود- سەلامی دەدایەوە، وبە هەمان شێوە بۆ دوو ڕکاتەکەی تریش، وئەمەیش لە گێڕانەوەیەکی تردا لە لایەن عائیشەوە ڕوونکراوەتەوە کە دەڵێت: (كان رسول الله -صلى الله عليه وسلم- يصلِّي فيما بَيْن أن يَفرغ من صلاة العِشاء إلى الفجر، إحدى عَشَرة ركعة، يُسلِّم بَيْن كل ركعتين، ويوتر بواحد) [مسلم] واتە: (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نێوان نوێژی عیشا بۆ نوێژی بەیانی یانزە ڕکاتی ئەنجامدەدا، پاش ئەنجامدانی هەر دوو ڕکاتێک سەلامی دەدایەوە، وپاشان یەک ڕکات نوێژی وبتری ئەنجامدەدا). ولە گێڕانەوەیەکی تردا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (صلاة الليل مَثْنَى مَثْنَى) [متفق عليه] واتە: (شەونوێژ دوو ڕکات دوو ڕکات ئەنجامدەدرێت -واتا: پاش ئەنجامدانی هەر دوو ڕکاتێک وخوێندنی تەحیات سەلامدەداتەوە-). (باسی جوانی وڕێکی ودرێژخایەنی نوێژەکە مەکە): واتا باس لە چۆنیەتی نوێژەکان مەکە چونکە لە ئەوپەڕی جوانی وکاملیدا بوو ئەمیش لە ڕوانگەی خوێندنەوە بە جوانی وڕێکی وتەجویدەوە وزۆر وەستان ودرێژی ماوەی ڕکوع وسوجدە بردن، وبە هەمان شێوە چوار ڕکاتی تریشی ئەنجامدەدا؛ دوو ڕکات دوو ڕکات ومەبەستە سەبارەت بە جوانی خوێندن وتیلاوە وتەجویدی قورئان ودرێژی ماوەی وەستان وڕکوع وسوجدە بردن. (پاشان سێ ڕکاتی ئەنجامدەدا): وا دیارە لەم گێڕانەوەیەدا کە هەرسێ ڕکاتەکەی بە یەکەوە ئەنجامدەدا تەنها لە ڕکاتی کۆتایی سەلامی دەدایەوە، بەڵام لە گێڕانەوەیەکی تردا عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە لە پاش هەموو دوو ڕکاتێک سەلامی دەدایەوە وپاشان یەک ڕکاتی نوێژی وبتر ئەنجامدەدا: (يُسلِّم بَيْن كل ركعتين، ويوتر بواحدة) [مسلم] واتە: (پاشان ئەنجامدانی هەر دوو ڕکاتێک سەلامی دەدایەوە، وپاشان یەک ڕکات نوێژی وبتری ئەنجامدەدا)، بۆیە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جیاوازی دەکردە نێوان سێ ڕکاتی کۆتایی ئەویش بە سەلامدانەوە لە پاش ئەنجامدانی دوو ڕکاتی یەکەم. (عائیشە دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا پێش ئەنجامدانی نوێژی وبتر دەخەویت؟): واتا چۆن دەخەویت پێش ئەوەی نوێژی وبتر ئەنجامبدەیت؟. (ئەویش فەرمووی: ئەی عائیشە چاوەکانم دەخەون، بەڵام دڵم ناخەوێت): واتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دڵی ناخەوێت وبێ سەرنج وبێ ئاگا نابێت وەکو چاوەکانی، بەڵکو هەست بە هەموو شتێک دەکات وئاگای لە هەموو شتێکی دەوروبەری هەیە، ولەوانەش: ئاگابوون لە کات، بۆیە خەوبینینی پێغەمبەران وەحی وسروشە.